

چاوپێکەوتن

# زانا خەلیل

# تێکستی داهێنەرانە لە نێو رۆشنبیری کوردیدا درەنگ دەردەکەوێ

سـازدانی: نەوشـەفەق

زانا خـەلیل یەکێکە لەو شـاعیرە گەنجـانەی کە باش قـووڵبووەتەوە و بەوردی سـەرنجی لە پرۆسـەکـانی نووسـین و بەرپرسـیـاریەتیی داوە. ئەم شـاعـیـرە، لە پاڵ نووسـینی دەقی شیـعریدا، هـاوزەمـان لە بواری رۆمـاننووسین و وەرگێـڕان و رەخنەیشـدا شـوێن پەنجـەی دیارە. ئێمە هـەوڵمان داوە لەم دیمانەیەدا کۆمەڵێک پرسی گرینگ بوروژێنین، هاوکات باس لە نووسـینگەلێکی بکەین، لە پاڵ ئەمـانەیشدا بۆچوونیمـان وەرگرتووە لە بارەی کۆمـەڵێک پرسی تایبەت بەئەدەب و رۆشنبیری. با سەرنج لە وەڵامەکانی بدەین:

## ئێستای شیعری نوێ بەو رێڕەوەدا دەڕوا کە نەسلی شاعیرانی دواى جەنگ هێناویانەتە پێش

*** له کتێبی "کتێبی شێوازەکان"دا بەرەو رووی جۆرێک له سادەیی دەبینەوه که ئەم شێوازه له نووسینی شیعری ئێمەدا دەگمەنە، هاوکات مۆسیقای شیعرەکانیشت پتر ناوەکین نەک دەرەکی، واتە: له نێو قووڵاییی دەقەکاندان، نەک وەکو ئەوەی که کەسانی دی کاریان لەسەر مۆسیقای دەق کردووە، بێجگه لەمانەیش، هەموو دەقەکان ئیش لەسەر تەنها شێوازێک دەکەن، کەچی ناوی کتێبەکەت "کتێبی شێوازەکان"ه، ئەم ناوەش دەلالەت پتر له شێوازێک دەکا، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– نەک بەتەنیا شیعر، بەڵکو دەروون و رۆحی مرۆڤایەتی تووشی قەیرانی ئاڵۆزی و نەخۆشیی بەرۆبۆتبوون و هەندەسەبەندی رۆح و بەماتماتیکبوونی رۆح بووبووەوە و تا ئێستایش هەر بەردەوامە. ئەو ئاڵۆزیی و بەرۆبۆتبوون و هەندەسەبەندی و تێکچرژانەی که بەرهەمی عەقڵ و عەقلانییەتێکی رووتە.

ئێستا رووگەی شەپۆلێکی جیا له رووی رێکبەندیکردنی ژیان بەرێوەیه کە ئەویش ئاسانکردنەوەی شتەکانی نێو ژیانه له هەموو رووەکانەوە، بێگومان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەدەستپێکی ئەو شەپۆلی ئاسانکردن و سادەییکردنی ژیانه دادەنرێ.

رۆشنه که رووگەی فەلسەفیی مرۆڤی هاوچەرخ بریتییه له باش ژیان و خۆش ژیان دوور له ئاڵۆزییەکان، دوور له کلێشەبەندیی رۆح به قانونەکانی ماتماتیک، کەوا بێ هەوڵی گۆڕین دەدرێ، مرۆڤ دەیەوێ ئەو ئیتاژه بگۆڕێ و روو له ئیتاژێ سەرووتر بکا.

ئیتاژێ سەرووتر چییه؟ ئەگەر مرۆڤایەتی تا ئێستا گەیشتبێته ئەوەی کە له ناو ئیتاژێکدا ژیانێک بۆ خۆی دروست بکا، ئەو ژیانه تەنیا و تەنیا عەقڵ و ئاڵۆسکاوییەکانی عەقڵ بەرێوەی ببا، ئەو ژیانه بریتی بێ لەوەی ئێستاتیک له تەعقیدات ببینێتەوە، ئەگەر تەلارەکانی نێو ئەو ئیتاژه هەمووی بەپەیکەر و نەقاشییەکی ئاڵۆز رازابێتەوه و.... تاد ئەوا ئێستا مرۆڤایەتی دەیەوێ له ئیتاژێکدا ژیان ببا بەرێوه که سادەیی دوای بڕینی قۆناغی عەقڵ و عەقلانییەت دەیبا بەرێوە.

بەکورتی: رووگەی فەلسەفیی وڵاتانی پێشکەوتوو روو له ئاسانکردن و سادەییە، روو له ئاسانکردنی ئاڵۆزییەکان و کردنەوەی ئەو گرێیانەیه که ئێستا "مەبەست له چاخی نوێیه" بەبێ هۆکار هێشتا هەر کۆد و گرێن.

ئەو شەپۆلی بەرەو سادەیی و ئاسانکردنە هەموو رووەکانی ژیانی گرتووەتەوە، ژیانی

ڕۆژانە، بەنموونە: بۆچوونێک هەیە دەڵێ، دوای چەندین ساڵی تر هەوڵی ئەوە دەدرێ مارکێت نەمێنێ لە دنیادا، تۆ لە ماڵەوە بەئینتەرنێت و تەلەفۆن داوای هەموو پێداویستییەکانی ژیانی خۆت دەکەی.. هەر بەئینتەرنێت دەتوانی لێرەوە لە هەولێر کار بەپارەکانت بکەی لە هەموو وڵاتانی دنیادا، لە بانکێکەوە بۆ بانکێک بیگوازیتەوە، لە بانکێکەوە بۆ حیسابی کەسێکی تر بیگوازیتەوە، یاخۆ لایف بەوێنە و دەنگ، دیالۆگ لەگەڵ کچێکی خەڵکی سەمەرقەند بکەی کە ئێستا دانیشتووی سانفرانسیسکۆیە و بەسەفەر چووەتە هۆنگ کۆنگ و لەوێش بەشەمەندەفەر دەچێتە شارێکی دی، تەنیا لە ڕێگەی لاپتۆپێکەوە.

ئەو ئاسانکاری و سادەییە هەموو ڕووەکانی تری ژیانی گرتووەتەوە، بەنموونە: تەلارسازی، تەشکیل، چۆنیەتی دروستکردن و دانانی مۆبیلی ناو ماڵ و..... تاد

شیعر ژیانە، شیعریش کاریگەریی ریتم و مۆسیقای چاخی بەسەرەوەیە، بۆیە شیعریش بەپێی قۆناغە لێک جیاکان کاریگەر دەبێ بەو ریتم و مۆسیقا و ڕووگە فەلسەفییانەی کە ژیان بەڕێوە دەبەن.

گەیشتن بەپرۆسەیەکی نوێ و دەگمەن وەکو خۆت لە پرسیارەکە ئاماژەت پێ کردووە کارێکی سانا نییە، بەڵکو جێهێشتنی هەموو ئاڵۆزییەکانە و دەرچوونیشە لە نێو بازنەکانی ئاڵۆزی، ئەگەر ئاڵۆزی بەتونێلێک دابنێین بۆ گەیشتن بەنوێ و شەفافییەت لە ستایلدا ئەوا ڕەنگە من ئەو تونێلەم بڕیبێ، لە چەند دیوانێکی وەکو فیردەوسی بەفرەکان و سەفەرەکانی ئۆرشەلیم و سەفای تەمدا، لەسەر ئیقاعی دەرەوە و سەنعەتسازی وشە و ڕەوانبێژی کۆن و لێکسیکۆن و فەرهەنگ و حاڵەتە ئاوتۆماتیکییەکان و گەمەکانی ڕستەسازی و گوێنەدان بەسیمانتیک و ئیشکردن لە نێو مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و... تاد کارم کردووە، بەڵام ئەو سەردەمێکی شیعری بوو، ئەوەش بەو واتایە نییە کە شیعر تەنیا بۆ سەردەمێک و چاخێک دەنووسرێ وەکو ئەوەی مۆدێل بێ.

نوێ درێژکراوەی کۆنە، نوێ داهێنراوی خۆڕسکیانە نییە، لە شیعردا وەرچەرخان هەیە، رامبۆ زەوقی شیعری کۆن و باوی بەئاراستەیەکی تر برد، ئیلیۆت بەهەمان شێوە، بەڵام دوای ئیلیۆتیش لە ناوەڕاست و کۆتاییەکانی سەدەی بیست و لە کۆتاییی دووەمین جەنگی جیهانی لەسەر دەستی نەسلێکی نوێ ئەو زەوقەی کە ئیلیۆت دروستی کردبوو بەئاراستەیەکی تر بردرا، داداییەکان و سورياليیەکان و دواتر گروپی ٤٧ی ئەڵمانی و....

تاد نموونەی دیاری ئەو قسەیەن.

ئێستای شیعری نوێ بەو ڕێڕەوەدا دەڕوا کە نەسلی شاعیرانی دوای جەنگ هێناویانەتە پێش لە گۆڕینی ئەو زمانەی کە ئیلۆت پێی دەنووسی، لە گرینگینەدان بەئەفسانە و هەموو ئەو ئاڵۆزییانەی کە لە چاخی ئەمڕۆدا خوێنەر تووشی سەرئێشە دەکەن.

تێکستی سادە و تێکستی شەفافی ئێستاتیک ئامێز و هەڵگری رۆئیا باشتر و رێکتر دەگاتە زمانەکانی تر، بەپێچەوانەی ئەو شیعرانەی کە لە ناو لێکسیکۆن و فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیا و فۆنۆلۆژیا کار دەکەن... لەگەڵ ئەوەشدا تێکستی سادە و تێکستی شەفافی ئێستاتیک ئامێز و هەڵگری رۆئیا هەڵگری هەمان چێژە لە هەموو زمانەکانی تردا، بەپێچەوانەی شیعری ئاڵۆز کە تەنانەت ناتوانرێ تەرجەمەی نزیکترین زمان بکرێ، خۆ ئەگەر بشکرێ ئەوا زۆربەی تایبەتمەندی و جوانییەکانی خۆی (ئەگەر هەیبێ) لە دەست دەدا.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکە، هیوادارم وابێ کە بەیەک ستایل بخوێندرێتەوە، چونکە یەکێ لە کێشەکانی ئەو دیوانە ئەوەیە لەسەر چەند ستایلێک کارکراوە، ئەوە یەکێ لەو تێبینییانەیە کە د. سەروەر عەبدوڵڵا لەسەر ئەو دیوانەی هەیە، منیش تا رادەیەک باوەڕم پێی هەیە.

لێرەدا پێویستە بپرسین، شێواز چییە: شێواز ئەو ڕێگەیەیە کە ئاکاری مرۆڤ دەردەخات لە گوزارشتکردنی ئەو بیرۆکانەی کە لە زەینی مرۆڤدا هەیە. پێناسەکردنی شێواز لای جان کوهن هێندە جیا نییە لە پێناسەکەی شارل برۆنو کە دەڵێ: هەموو شتێکی نائاسایی کە لەگەڵ پێوەرە گشتییەکان یەک ناگرێتەوە پێی دەگوترێ شێواز، لێرەدا دەتوانین بڵێین کە شێواز بریتییە لە لادان، بەو شێوەیە ئەو شتە دیاری ناکەین کە تێیدایە، بەڵکو ئەو شتە دەستنیشان دەکەین کە تێیدا نییە.

من لە هەردوو دیوانی دیالۆگی لاڵێک و کتێبی شێوازەکان بەئاشکرا لەسەر لادان کارم کردووە، بەڵام لادانێک کە درێژکراوەی شتە جوانەکانی ئەو تێکستانەن کە من ناسیومن، بەواتایەکی دی من تەنیا خۆمم نووسیوەتەوە، بێگومان خۆشم بەشێکم لەو کولتوورەی کە پێی گەیشتووم و سوودم لێی وەرگرتووە.

*** هەر لە کتێبی "کتێبی شێوازەکان"دا تا ئاستێک سوودت وەرگرتووە لە شێوازی نووسینی شیعری "ئێریچ فرید" کە خۆیشت چەند دەقێکی ئەو شاعیرەت وەرگێڕاوە**

**و له ژماره (١٢٦)ی گۆڤاری "رامان"دا بڵاوت کردووەتەوە، سوودەکەیش لەم رووەوەیە کە هەردووکتان ئیش لەسەر "شتە دژەکان" دەکەن، کەچی ئاماژەت نەکردووە بەم سوودوەرگرتنە، بۆچی؟ کەنگێ دەتوانین سوود لە شاعیرێک وەربگرین، بەبێ ئەوەی خوێنەر لە سەروەختی خوێندنەوەی دەقی ئێمەدا دەقەکەی دیکەی بیر بکەوێتەوە؟**

– ئەگەر نووسەر خاڵی بکەی لە سوودوەرگرتن جا ئەو سوودوەرگرتنە لە هەر روویەک بێ ئەوا کەسێکی بەتاڵ دەمێنێتەوە، هەموو نووسەرێکی داهێنەر درێژکراوەی کولتووری بەر لە خۆی و سەردەمی خۆیەتی، تۆ لە نێو پرۆسەیەکی زانستیی رەهادا کار ناکەی، تۆ ئەدیسۆن نیت کارەبا بدۆزیتەوە یا ئاینشتاین کەشفی ئەتۆم بکەیت، نووسەر لە نێو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا کار دەکات، کە ئەوەش پرۆسەیەکی گشتگیری کارلێکەر و کارلێکراو و ئاوێتەبوونی گەرەکە، نووسینی شیعر کارێکی سانا نییە، بۆ ئەوەی شاعیر بیت پێویستیت جگە لە بەهرە و عیشق بەزانینە، زانینێکیش گشتگیر و تێر لە هەموو رووەکانەوە، بۆ ئەوەی شاعیر بیت پێویستیت بەزانینی رووگە فیکری و فەلسەفییەکانی ژیان و دەیان و دەیان تێگەیشتنە لە خۆت و دەوروبەر و ژیانیش.

> "هەموو نووسەرێکی داهێنەر درێژکراوەی کولتووری بەر لە خۆی و سەردەمی خۆیەتی"

> "بۆ ئەوەی شاعیر بیت پێویستیت بەزانینی رووگە فیکری و فەلسەفییەکانی ژیان و دەیان و دەیان تێگەیشتنە لە خۆت و دەوروبەر و ژیانیش."

بۆیە نەک ئاساییە کە نووسەر سوود وەرگرێ، بەڵکو نائاساییە کە نووسەر نەتوانێ سوود وەرگرێ، چونکە نووسەری بێ ئاگا و نووسەری دابڕاو لە کولتووری بەر لە خۆی و سەردەمی خۆی کەسێکی خۆڕسکی خاڵی و بەتاڵ دەمێنێتەوە و بەرهەمیشی هەر لەو ئاستەدا دەبێ.

*** کتێبی "زایزۆنی سێیەمی زناک" قەسیدەیەکی**

**دریژە کە تۆ و "هاشم سەراج" بەهاوبەشیی نووسیوتانە. ئەوەی خوێنەری ئێوە بێ هەست دەکا کە "شێواز و زمان"ی "هاشم سەراج" بەسەر دەقەکەدا زاڵە، ئەمەیش لە هەموو دەقێکی هاوبەشدا هەر دەردەکەوێ، واتە زاڵبوونی یەکێک بەسەر ئەوی دیکەدا. تۆ هەستت بەم خاڵە کردووە؟ ئایا ئەم زاڵبوونە زیانی هەیە؟**

– هەرگیز ناتوانم لەو گرینگی و کاریگەرییانە کەم بکەمەوە کە هاشم سەراج لە قۆناغێکدا بەسەر فراوانکردنی زەینیی شیعریی مندا هەیبووە، وەک لە پێشتریش باسم کرد ئێمە درێژکراوەی کولتووری لێک جیاین، هاشم سەراج لە سەرەتای دەست پێکردنم لە نووسیندا، لە ناسینی شیعری جیهانی، ئەو دەروازە راستەی نیشانی من دا کە پێویست بوو من لەوێوە دەست پێ بکەم...

بەڵام سەبارەت بەزایزۆن دەبێ ئەوە بڵێم کە زایزۆنی سێیەمی زناک قەسیدەیەکی درێژ نییە، بەڵکو لێرامان و تێروانینە بۆ دنیا و شتەکانی ناوی، وردکردنەوەی کۆمەڵێ تیمەی هەڵوارسراون و شیکردنەوەیانە "بێگومان لە قۆناغێکی خوێندنەوە و رامانی ئێمە بۆ دنیا و بۆ ژیان و بۆ مەرگ".

زمان لەوێ لە ژێر کاریگەریی "هاشم سەراج"دایە یان بەیەکەوە زمانێکی نوێمان خولقاندووە ئەوە لای من زۆر گرینگ نییە، چونکە لە زایزۆن بەرۆحییەت و روئیا و زەینی ئاوێتە کارمان کردووە، زمان هەمان زمانە یاخۆ زۆر زۆر لێک نزیکە، ئەوەش بەو واتایە دێ کە لە نێوانی زمانی تایبەتیی ئەو و زمانی من زمانی سێیەم هەیە کە نە بەتەواوی زمانی ئەوە و نە بە تەواوی زمانی منە، بەڵکو زمانێکی هاوبەشە لە دەرەوەی زمانی مجەرەدی من و زمانی تایبەتیی ئەو.

*** پێتوایە نووسینی دەقی هاوبەش داهێنانی لێ بکەوێتەوە؟ ئەم پرسیارەیشم بۆیە کرد، چونکە بێجگە لە زایزۆنی سێیەمی زناک، ئەوەی من بزانم بەشداریت کردووە لە نووسینی دەقی "پیاڵە"یشدا کە لە ژمارە (١٢١)ی گۆڤاری "رامان"دا بڵاوکراوەتەوە، ئەو کەشە چۆن خەڵق دەبێ کە کۆمەڵێک شاعیر بڕیار دەدەن لە یەک کاتدا دەقێک بنووسن؟**

– ئەزموونێک بوو، چرکەساتێکی خۆشی و چرکەساتێکی چێژبەخش خولقاندی، ئەو جۆرە شیعرانە کە لە دوو کەس زیاتر بەشداری دەکەن لە نووسینی، هەر لە نووسینی یادگارییەکی دەستەجەمعی دەچێ، داهێنانی لێ دەکەوێتەوە یان لێی ناکەوێتەوە ئەوا

تێکست بڕیار دەدا، بەڵام من پێموایە بەشێوەیەکی گشتی نەخێر، چونکە نووسینی تێکستی داهێنەرانە کاری تەنیا کەسێکە، کارێکی تەواو ئیندیڤدوێلانەیە، بۆیە ئەگەر بۆ کاتێکیش زەین و بیرکردنەوە و تێڕوانینی دوو نووسەر وەکو یەک یا لێک نزیک بێ ئەوا لەگەڵ گۆڕاندا ئەوانیش دەگۆڕێن، بێگومان ژیانیش هەمیشە لە گۆڕاندایە بۆیە ئەو کارە دەستەجەمعیانە لە نووسینی تێکستدا سەرکەوتوو نابن.

*** تۆ یەکەم کەس بووی کە مۆبایلە شیعرت گواستەوە بۆ نێو شیعری کوردی، ئەم کتێبەت پێشوازییەکی باشیشی لێ کرا لە لایەن خوێنەرانەوە، کەچی بێدەنگ بووی لە دوای بڵاوبوونەوەیدا، واتە: هیچی دی نەگەڕایتەوە کن ئەو تەرزە شیعرە، هۆکار ئەوەیە کە ئەوانەی ئەمەیان لە تۆ وەرگرت بەشێوەیەکی خراپ بەکاریان هێنا، یان دەرهاوێشتەی ئەوەیە کە نەتویست پتر بگەڕێیتەوە لای لەبەر هەبوونی پرۆژەی دیکە؟**

– لە شوێنی دی باسی چۆنیەتی دروستبوونی مۆبایلە شیعرم بەدرێژی کردووە، بەڵێ پێشوازییەکی زۆری لێ کرا، ئەوەبوو دوای ئەو کتێبەی من، بەدەیان کتێبی دی بەهەمان ناو دەرچوو، بەڵام کێشەکە لەوەدابوو بەئاراستەیەکی دیکە ڕوێندرا کە دوور لە داهێنان و جوانی بێ، ئێستا مۆبایلە شیعر وەکو چەمک لای بەشێک لە نووسەران هەڵگری چەمکێکی هەرزەکارانە و کارێکی منداڵکارانەیە، بەداخەوە ئەوەی من کردم بۆ ئەوە بوو زمانی نامە و ئێس ئێم ئێس بگۆڕم، لە زمانێکی موجەڕەد بازاڕییەوە بەرەو زمانێکی شیعری نزیک لە زمانی خەڵک، بەواتایەکی دی زمانی ئاسایی خەڵک بەئاوێتەکردنی شیعرییەتەوە، من لەو کتێبەدا کارم بۆ گۆڕینی زمان کرد وەک ئەوەی کە ئێستا کار لە ناو زمانی شیعریم دەکەم، لە قورسییەوە بەرەو ئاسانی و سادەیی، سادە و ئاسان نووسین گرانترە لە ئاڵۆز و شاراوە نووسین، کاری هەموو کەسێک نییە بتوانێ سادە بنووسێ، سادەنووسین دوای بڕینی نووسینی ئاڵۆز و گران دێت، دواتر ئەوە پێوەندیی بەزانین و بەهرەو و عیشق و ڕۆحەوە هەیە، ڕۆح دەبێ هەموو ئەو قۆناغانەی بڕیبێ، دەبێ لە گرانییەوە پەڕیبێتەوە ناو ئاسانی و لە ئاسانیشەوە بەرەو سادەیی، چونکە جیاوازیی بەرچاو هەیە لە نێوانی ئاسانی و سادەیی، ئاسانی وێستگەیەکە بەر لە سادەیی، سادەیی واتا بەرز ڕاگرتن و بێ ئەهەمیەتکردنی شتەکانە لە نێوان عەقڵ و دڵدا، لە نێوانی عەقڵ و بێ عەقڵییەکی دوای بڕینی عەقڵانییەت.

پێم باشـه لێرەوە سـڵاو بۆ ئەو داهێنەرە ونە بنێـرم کـە لە نووسـینی مـۆبایلە شـیعـر لەگەڵمدا بەشدار بوو، ئەو وەکو سیحر وابوو، هات و ون بوو، هەندێجار داهێنەری ئاواش هەیە کـە هەرگیـز و بۆ تاهەتایی نـاوی ناکەوێتـە سـەر ئەو کـارەی کە کردوویەتی، ئەویش یەکێکە لەو ناوە ونانەی کە دەبوایە لێرە ناوێ بهاتبایە.

*** دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی مۆبایلە شیعر حەمە سەعید حەسەن ستوونێکی رەخنەیی لەسەر نووسی و تۆیش لە هەمان رۆژنامەدا وەڵامیت دایەوە، ئەو رەخنەگرە نووسیبوی من یەکەم کەسم کە مۆبایلە شیعرم نووسیوە، پێتوایە ئەمە جۆرێک لە مۆنۆپۆڵ کردن نەبێ؟ بەو واتایەی کە هیچ تەرزە نووسینیەک موڵکی کەس نییە، جگە لەمەیش، لەم دواییانە باسی هایکۆ هاتووەتە گۆڕێ، کەچی کەس نەیگوت موڵکی منە. سەرنجت لەسەر ئەم موڵکایەتییە چۆن دەردەبڕی؟**

– لە شوێنی خۆی بەڕێزەوە وەڵامێ "حەمە سەعید حەسەن"م دایەوە، پێم وانییە حەمە سەعید کەسێکی مۆنۆپۆڵ کار بێ، چونکە هیچ نووسینێکی ئەوم نەخوێندووەتەوە کە بۆن و تامی مۆنۆپۆڵ کردنی لێ بێ، بێگومان زۆر موتابەعەی نووسینە ئەدەبییەکانی دەکەم، کەسێکی سەرکەوتووە لەو بوارەدا، من رێزێکی زۆرم بۆی هەیە، لەگەڵ ئەو تێبینیانەیش کە هەندێ جار سەبارەت بەنووسینە رەخنییەکانی هەمە...

بۆ ئەوانەی کە ئاگاداری شیعرن هایکۆ هونەرێکی شیعری نوێ نییە، جۆرە شیعرێکی یابانییە لە سەدەی هەشتەمی زاینی سەری هەڵداوە، لە حەڤدە بڕگە پێک دێت، ٥-٧-٥ لە سێ دێڕدا، بەزمانێکی سادە دەنووسرێ، بەشێوەیەکی گشتی هایکۆ لە سەدەی ١٧ بەفراوانی لەسەر دەستی "باشۆ" بڵاوبووەوە، کە مامۆستای یەکەمی ئەو هونەرە بوو بەبێ رکابەر، بۆسۆن ١٧١٦-١٧٨٣ ی زاینی و ماسا ئۆکاشیکی ١٨٦٧-١٩٠٢ی زاینی بەرێبەرانی ئەو هونەرە دادەنرێن.

*** لەو دیمانەیەدا کە "د. سەروەر عەبدوڵڵا" لەگەڵتدا کردوویەتی و لە ژمارە (١٠٦)ی گۆڤاری "رامان"دا بڵاوکراوەتەوە، لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتووتە: "لە کاتێکدا دەستم بەنووسینی شیعر کرد کە نەمدەزانی شیعر چییە!، بەڵام لە کاتێکدا ناتوانم دەست لە نووسینی شیعر هەڵبگرم کە دەزانم شیعر چییە؟"، جوانە، بەڵام کە ئێستا لە شیعر تێ دەگەی، چۆن باس لە جوداوازیی ئەم دوو سەروەختانە و ماهییەتی شیعر دەکەی؟**

– بەو تێگەیشتنەی کە کورد سەبارەت بەشیعر هەیەتی، ئێمە هەرگیز ناتوانین نەک داهێنان لە ئاستی دنیادا بەڵکو لە نێو چوارچێوەی جوگرافیای خۆشماندا بکەین...

شیعر نووسین کارێکی ئاسان نییە وەک هەموو ئەوانەی کە بەشێوەیەکی خۆڕسک دەست پێ دەکەن و وشەی پڕ لە ئاخ و ئۆف ریز دەکەن، سێ رەکیزە یا ستوونی توند هەیە هەر کەسێ کە نەیبێ ناتوانێ شیعری جوان بنووسێ و بەردەوام بێ، "بەهرە–عیشق–زانین".. لە شوێنی دی بەدرێژی لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو چەمکانە دوواوم و حەز ناکەم لێرە دووبارەی بکەمەوە، بەڵام هەر بۆ نموونە ئەگەر زانین وەرگرین، زانینی شیعری بریتییە لە:

١– ئاگاداربوون لە مێژووی شیعری زمانی خۆت لە دەستپێکەوە تا ئێستا.

٢– ئاگاداربوون لە مێژووی شیعری جیهانی.

٣– ئاگاداربوون لە وەرچەرخانی شیعر لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی دی و لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دی... زانینی خاسییەت و تایمەندییەکانی شیعر لەو زەمەن و قۆناغانەدا.

٤– ئاگاداربوون لە مەزاهیبە ئەدەبییەکان.

٥– ئاگاداربوون لە رووگە فیکری و فەلسەفییەکان.

٦– ئاگاداربوون لە میتۆدە رەخنەیی و زانستەکانی زمان.

٧– ئاگاداربوون لە زانستە مرۆڤایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی.

٨– سەرباری هەموو ئەو شتانە لایەنێکی تری گرینگ هەیە کە هێندەی هەموو ئەو خاڵانەی پێشتر گرینگی هەیە بۆ ئەو زانین و زانیارییە کە ئەویش رۆشنبیری چاوە، یا ئەزموونی دیتنە، دیتن بۆ نووسینی شیعر گرینگییەکی زۆری هەیە، نەک هەر بۆ شیعر بەڵکو بۆ ژیان.

ئەوە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر زانینی شیعری، بەهرە و عەشقیش قسەی زۆر هەڵدەگرن، کەوابێ زانینی ریزکردنی وشە بەتەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی بتوانی تێکستێکی داهێنەرانە بنووسیت...

ئەو خاڵانەی کە باسم کردن پرۆسەیەکی دوور و درێژی گەرەکە، ئەوانە بەتەنیا کاری چەند رۆژێک نین، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەر ئەو هونەر و زانستانەیش دێت، کەوابێ دەبێ بەردەوام لەنێو ئەو پرۆسەیەدا خەریکی خۆنوێکردنەوە و موتابەعەی بەردەوامدا بین، بۆیە بوونی عیشق بۆ شیعر تووشی ئیدمانت دەکا، ئیدمانێک

کە نەتوانی تەنانەت بۆ چرکەساتێکیش چییە بێ شیعر هەڵبکەیت، خۆ ئەگەر ئەو شتانەیش کە باسمان کرد نەمان، ئەوا باشترە دەست لە نووسینی شیعر هەڵبگرین و ماڵئاوایی لێ بکەین.

*** دەمێکە دەبینین شیعر و قسەی ئاسایی تێکچڕژانێکی ریشەییان بەخۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەم جۆرەی دەقنووسین لە ئەوروپادا ئەزموون کراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەیش سوودیان لێی وەرگرتووە ئەم حاڵەتە لە کتێبی شیعریی "گومان مەکە خۆشم دەوێی" تۆیشدا دەرکەوتووە، ئەم جۆرەی تێکەڵاوبوونی شیعر و قسە تا چ ئاستێک لە خزمەتی ئێستێتیکای دەقدابووە؟ لە بارەی سوود وەرگرتنەکەیش هەمان پرسیارت ئاراستە دەکەم.**

– گومان مەکە خۆشم دەوێی لیرکە، کۆمەڵە شیعرێکن کە بەکێش و قافیە بۆ گۆرانی نووسراون، شیعری گۆرانی وەک هونەرێکی شیعری بەرز جیاوازیی هەیە لەگەڵ شیعری نوێ و خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆیەتی، ئەگەرچی شیعری گۆرانی دەشتوانرێ بەبێ کێش و قافیە بنووسرێ بەڵام بەداخەوە مۆزیکی کوردی ئەوەندە هەژارە کە تەنانەت توانای هەڵبەز و دابەزێکیشی تێدا نییە لە چوارچێوەی میلۆدییەکدا، سەبارەت بەزمانی گومان مەکە خۆشم دەوێی زمانێکی ئاسانە، دیارە یەکێ لە خاسییەتەکانی زمانی شیعری گۆرانیش ئەو ئاسانییەیە لە هەڵبژاردنی وشە و رستە و وێنەدا کە دەرئەنجام فەزایەکی ناسکی لێ بکەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لیرک لای من ئەزموونێکی خێرا و تێپەڕە، بە کاری خۆمی نازانم بێگومان کەسانی سەرکەوتوومان هەن کە لەو بوارەدا کاردەکەن.

" بینایەی تێکستی شیعری لای من هەمان ئەو بینایەیە کە عەقڵییەتی ئەندازیاری پۆست مۆدێرن لە ئەوروپادا بەرهەمی دەهێنێ "

" نووسین و پرۆسەی ئەنجامدانی نووسینی تێکست بۆ ژیانە نەک دژایەتی کردنی مەرگ و راگرتنی مەرگ بەدرۆ "

*** نووسەران هەمیشە لە سەفەرێکدان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ دنیادا، ئاخۆ تۆ لەو سەفەرەتدا گەیشتوویتە کوێ؟**

– هەوڵێ خوێندنەوە و موتابعەکردنی زیاتر دەدەم، دەژیم، رۆمان نووسین چێژم پێ دەدا، ئەو کاتانەی خەریکی نووسین دەبم هەست دەکەم لە سەفەرێکدام لەگەڵ خۆم و لەگەڵ ناخی خۆم، شتەکان بەقورسی وەرناگرم، زۆر لە خۆم ناکەم بنووسم، ئەگەر تاقەتم نەبێ یەک وشەش نانووسم، پێویستیش نییە بەزۆر بنووسم، یان هەر بشنووسم، کە "دەشنووسم بۆ خۆم و دنیای خۆم و لەزەتی خۆم دەنووسم بەلام بێگومان بۆ خوێنەری بلاو دەکەمەوە".

کە دەنووسم دەبێ جیاواز بنووسم، جیاواز لە نووسەرانی دی، جیاواز لە نووسینەکانی پێشووتری خۆم، گەیشتووم بەسادەیی، سادەیەک تا ئاستی قسەکانی رۆژانەی خۆم، بەلام بەستراکتۆرێکی ئەندازیارانە...

بینایەی تێکستی شیعری لای من هەمان ئەو بینایەیە کە عەقڵییەتی ئەندازیاری پۆست مۆدێرن لە ئەوروپادا بەرهەمی دەهێنێ، حەز لە ئاڵۆزی و سەرلێشێواندنی خۆم ناکەم، ئەو شتە یان شتانە لە تێکستێکی کورتی شیعریدا دەگەیەنم کە ئەتمۆسفێر و لەحزەیەکی شیعری داوای گەیاندنم لێ دەکات.

نێرەر ئەگەر نەتوانێ لە رستەیەکی کورت و چڕ و شەفافدا فیکر و وێنە و جوانی و داهێنان بگەیەنێ ئەوا هەرگیز ناتوانێ لە سەدان رستەشدا ئەوە بۆ نێردراو بنێرێ کە دەیەوێ بینێرێ، بنیادی شاراوەی تێکست وەک ئەوەی کە بەشێکی نووسەران تێی گەیشتوون بەتەنیا راکردنە بەرەو خۆ حەشاردان و لە لایەکی تریش سەرلێشواندنی بۆ نێردراوە لە تواناکان و داهێنانی نووسەر.

*** رۆشنبیرانی کورد توانیویانە بەکەرەستە مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان دۆخی گشتیی ئێستای کوردستان بخوێننەوە و قەیرانەکان بەرەو چارەسەر پەلکێش بکەن؟**

– چەمکی مۆدێردن لە دەسپێکدا بەمانای دابڕانی ئیندڤدوێلی و کۆمەلایەتی و سیاسی لە ترادتسیۆن هاتووە، دواتر دەبێتە پرۆسەیەکی گشتگیر و هەموو لایەنەکانی تری هونەر و بیناسازی و پیشەسازی و... تاد دەگرێتەوە.

بێگومان ئەو ئەنجامە دەرهاوێشەی کارکردنی بێ وچانی فەیلەسوفان و بیرمەندان و رۆشنبیرانە لە قۆناغە لێکجیاکانی سێ تا چوار سەدەی بەر لە ئێستا.

کۆمەڵگەی کوردی نەگەیشتووەتە هیچ قۆناغێک یان هیچ قۆناغێکی مێژوویی سیستەم

کراوی بەخۆیەوە نەبینیوە، مۆدێرنەتە سیستەمی ڕێکخستنی ژیانە لە قۆناغێکی مێژووی کۆمەڵگەدا...

ئەگەر کورد هێشتا لە قۆناغێکی داداییدا "وەک سیستەمی بەڕێوەبردن" ژیان ببا بەڕێوە، ئەوە ڕۆشنبیران لە کوێوە دەتوانن بەکەرستەکانی مۆدێرنە قەیرانەکان بخوێننەوە؟

مەسەلەکە ئاوا نییە، ئەوە کاری کاریگەرییەکانی فەیلەسوفان و بیرمەندانە لەسەر پۆلەتیکاران و سیستەمی سیاسی، فیکر دەکرێ بەدەستوور و سیستەم و یاساش کلێشە و سنووری بۆ دادەنێ.

کاریگەریی ڕۆشنبیرانی ئێمە یەکجار کەمە لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە، بۆیە من هیچ گوتارێکی جدی نابینم بەلایەنی کەم لە قۆناغی ئێستای کوردستان.

*** لە دنیای "ڕۆشنبیر"انی ئێستەی کوردستاندا کۆمەڵێک گرووپ ئامادەییان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی تەندروستیان هەیە بۆ درێژەدان بەکارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەر دەمێک و کەسێک وەکو "ڕۆشنبیری گەورەی کورد" دەناسێنن؟**

– باوەڕ ناکەم کورد ڕۆشنبیری "گەورە"ی هەبێ، دواتر "گەورە و بچووک" لە ڕۆشنبیریدا وجودی نییە، تێکست و تەرح و میتۆد و تیۆر و ڕوئیا و.... تاد هەیە، کە دەکرێ هەر یەکە و بەپێوەری تایبەتی ئەکادیمی هەڵبسەنگێنرێ.

نووسەری کوردی تا ئێستا لە ئاستی نووسینی کوردی کار دەکات، ئەو گروپانەی کە کەسێک بەرۆشنبیری گەورەی کورد بە بۆنێردراوی بەدبەختیی کوردی دەفرۆشن وەکو ئەوە وایە هەموویان کۆک بن لەسەر ئەوەی سەرۆک عەشیرەتێک بۆ ڕۆشنبیری کوردی دانێن، ئەو جۆرە گوتارانە بەرهەمی عەقڵییەتێکی رووکەشن.

ڕۆشنبیری سەرۆک و گەروره و ئاغای نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی گشتگیرە و هەموویان بەیەکەوە تێیدا بەشدارن، هەر یەکە و خاوەنی دنیای خۆیەتی و درێژکراوە بەر لە خۆیەتی و دەبێتە بەشداربوویەک لەو پرۆسەیەی کە هەموو نووسەرێک لە هەر شوێنێکی دنیادا بێ تێیدا بەشدارە.

لەگەڵ ئەوەشدا عومری هەموو ئەو گوتارانە زۆر کورتە کە دەڵێ: "چا بوو نەمردم ئەو تێکستەم خوێندەوە" یا بەپێچەوانەوە کۆمەڵێک بەزۆر خۆیان کۆک دەکەن تا لەقەبی شاعیری گەورە و ڕۆماننووسی گەورە بەکەسێک یان لەناو خۆیان بەیەکتری بدەن.

تێکستی ئیبداعی پێویستی بەپیاداهەڵدان و ستایش و گەورەکردن نییە، بەڵکو شوناس و ناسنامەکەی لەناوە خۆیدایە، دان براون و پاولۆ کۆیلۆ و پاموک و فێرمین و گاردەر و دەیان و دەیانی تریش بێ پرسی هیچ کەسێک سنوورەکان دەبڕن و دەچنە ناو ماڵەکان، من پێموایە تێکست خۆی قسە دەکا، خوێندنەوەی تێکست گرینگە، ئیشکردن لەسەر تێکست گرینگە، بەڵام قسەی گەورەی بێ بنەما نە دەتوانێ تێکست گەورە و نەدەتوانێ تێکست بچووکیش بکاتەوە.

*** دەق دەتوانێ ئەڵتەرناتیف بێ لە بەرانبەر نامۆیی و بێزاری کە دەقنووس دەستی بۆ ببا؟**

– رەنگە بۆ ئەزموونی من شتێکی سەیر بێ کە دەڵێن: نووسینی دەق لە بێزاری و نامۆیی و غەمبارییەوە دێ، بەپێچەوانەوە کە من بێهێز و بێزار بم تەنانەت ناتوانم یەک وشەش بنووسم.

نووسین لای من بەشێکی ژیانە، ئەتمۆسفێری پرۆسەی نووسینیش بەشێکە لە ژیانی من، نووسین دەبێ بەشێکی ژیان لە جوان و خۆشییەوە بەرەو جوانتر و خۆشتر ببا، دەبێ لە جوانتر و خۆشتریش بەرەو جوانترین و خۆشترین ببا، من بۆ جوانتر و شیرینتر کردنی بەشێکی ژیانی خۆم دەنووسم، کە دەڵێم بەشێکی ژیان بەو واتایە دێ کە نووسین بۆ من هەموو ژیان نییە، بەڵکو بەشێکە لە ژیان.

من رێک دژی ئەو بۆچوونەم کە نووسین لە پێناوی مانەوە مومارسە دەکرێ، یا ململانێیە لەگەڵ مەرگ، ئەوە گوتارێکی بێ مانایە، چونکە بەمردنی بایۆلۆژیی نووسەر هەموو شتەکان کۆتاییان پێ دێ و گەردوونیش لە نێو دەچێ.

کەوابێ نووسین و پرۆسەی ئەنجامدانی نووسینی تێکست بۆ ژیانە نەک دژایەتی کردنی مەرگ و راگرتنی مەرگ بەدرۆ، راگرتنی مەرگ کاری زاناکانە، ئەوەندەی من بیستبێتم و خوێندبمەوە ئەوە بەفیعلی خەریکن، بەهەرحاڵ ئەوە کارێکی زانستیی رەهایە، پێویست بەوروژاندنی ناکا.

بەکورتی لای من نووسین بەدیلێک نییە بۆ رەواندنەوەی خەم و خەفەت و شتی کاریکاتۆری و کۆمێدی لەو بابەتە، من نانووسم ئەگەر خۆشحاڵ و بەختەوەر نەبم... نانووسم ئەگەر برسیم بێ... نانووسم ئەگەر تینووی شەراب بم و نەمبێ... بێگومان رەنگە ئەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بگۆڕدرێ، بەڵام من وام.

*** چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟**

– کاری تێکستی شیعری گۆڕینی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری نییە، رەنگە گۆڕینی زمان و ستایل و... تاد لە کۆتاییدا بەشێوەیەک لە شێوەکان لەو بوارانە رەنگ بداتەوە، بەڵام هیچ پێوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوانی تێکستی شیعری و گۆڕینی واقیع لە ئارادا نییە...

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد گۆڕینی واقیع پێوەندیی بەبیر و هزری فەیلەسوفان و بیرمەندانەوە هەیە، بەمەرجێک پۆلەتیککاران و یاساناسان بکەونە ژێر ئەو کاریگەرییانە، نەک خەیاڵ و فەنتازیای شاعیران.

شاعیران خەریکی خۆیان و ناوەوەی خۆیانن، ئەوە دەنووسن کە دەرکی پێ دەکەن و دەیبستن و دەیبینن و لە روانگەیەکی ئیندیڤدوێلی مجەرەدەوە گوزارشتی لێ دەکەن.

هەموو ئەو تێکستانەیش کە بۆ موناسەبات و گۆڕینی واقیع نووسراون تێکستی ناداهێنەرانەن و لەگەڵ گۆڕانی واقیع کۆتایییان پێ هاتووە، لە سەرووی هەموو شاعیرانیش هەندێ شیعری هەردوو شاعیرانمان شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو-ن، جاروابووە بەدوای دەرهێنان و لێکردنەوەی ئەو جۆرە شیعرانەدا گەڕاون لە نێو دیوانەکانیان، بەبۆچوونی من شاعیری داهێنەر هەرگیز نابێ تووشی ئەو هەڵە گەورانە بێ.

*** یەکێک لە تێڕوانینەکانی "دێرک واڵکۆت" وەهایە: "ئەدەب دەمی زامێک هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زامەی مێژوو هەڵیدەداتەوە". ئێمەیش دەتوانین بەم شێوەیە بڵێین: لێکۆڵەر و رەخنەگری کوردی قووڵتر دەچنە نێو پێکهاتەی دەقە ئەدەبییەکان؟**

– من بەپرسیارێکی کورت وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە، ئایا کورد چەند رەخنەگری راستەقانی شیعری هەیە؟ تا قووڵتر بچنە نێو پێکهاتەی دەقە ئەدەبییەکان؟ با هەر یەک لە ئێمە بیر بکەینەوە و ناوی چەند رەخنەگرێک بێنینەوە یادمان و ئینجا لە کارەکانیان رابمێنین و هەڵوەستە لەسەر کارەکانیان بکەین، ناوی زۆر هەن لەو بوارەدا کار دەکەن، بەڵام بەشی زۆریان ئینتیباع دەنووسنەوە، ئەکادیمیەکانیش لەگەڵ رێزم بەشێکی زۆریان خاوەنی زەینی داخراون، موتابەعەی بەردەوامیان نییە، کە دکتۆراکەیان وەرگرت ئیدی کتێبێک ناخوێننەوە، ئەو قسانەی من بەشێوەیەکی گشتییە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێک بەڵام زۆر بەکەمی هەن کە کاری باشیان ئەنجام داوە و چاوەڕێی ئیشی باشتریشیان لێ دەکرێ...

*** له ئێستادا هونەر و ئەدەب دابەش کراون بەسەر دوو جۆر: "هونەری بازاڕی" و "هونەری نوخبە"، ئەمە بۆ ئەدەبیش بەهەمان شێوەیە، تا چەند لەگەڵ ئەم پۆلێنکردنە هاوڕای، هاوکات بۆچی؟ لەو میانەدا نووسەری راستەقینە چۆن دەتوانێ پردێک دروست بکا بۆ بەیەکتر گەیشتنی خۆی و خوێنەرانی، هاوکات رەخساندنی کەشێکی وتووێژی نەک "دەروێشایەتی" و "رق بەخشینەوە"؟**

– کێشەیەکی دوو سەرە هەیە لە نەتوانینی دروستکردنی ئەو پردەی کە دەبێ لە نێوانی وەرگر و نێرەردا هەبێ، گوناح نە بەتەنیا لە نووسەرە و نە بەتەنیا لە خوێنەریش.

ئەو ماوانەی دوایی کە تەرجەمەی هەندێ رۆمانی جیهانی کراوە، کەسانێکی زۆر روویان کردووەتە خوێندنەوە، کەچی رۆمانی کوردی و ئەدەبیاتی کوردی نەیتوانیبوو ئەو کارە بکا، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر تێکستی کوردی جوان هەن کە خوێنەری کوردی پشتگوێی خستوون.

بەشێوەیەکی گشتی زمانی ئەدەبیاتی ئەوڕۆی کوردی زمانێکی سەقەتە کە بڕیارێکی پێشینەی بۆ خوێنەری کوردی دروست کردووە لە نەتوانینی خوێندنەوەیدا.

کێشەی خوێنەری کوردیش ئەوەیە کە بەخوێندنەوە و لێک جیاکردنەوە رانەهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا رێنوێنیکاری نییە، رەخنەگری وامان نییە کە رووگەی خوێنەر بگۆڕێ بەتەنزیرات و کاریگەرییە فکرییەکانی.

ئەوەی کە هەیە رێکلامە، نووسەری کوردی لە قۆناغی رێکلام کردنێکی رووتدا دەژی، گرووپێک دێ رێکلام بۆ نووسەرێک دەکا، وەزارەتێک دێ رێکلام بۆ نووسەرێک دەکا، لەوێوە سەرنجی خوێنەران بۆ لای ئەو نووسەرە دەچێ، بەڵام هەموو ئەو کارانە نەفەسی زۆر نادەن، هەر دوای تەواوبوونی کارە رێکلامییەکە تەمەنی تێکستەکەش کۆتایی پێ دێ. تێکستی داهێنەرانە لە نێو رۆشنبیری کوردیدا درەنگ دەردەکەوێ، رەنگە ئەوەش حاڵەتێکی زۆر ئاسایی بێ لەو قۆناغەی ئێمەدا، چونکە تا ئێستا ئاستی بەشێکی زۆری نووسەرانمان و خوێنەرانمان لە ئاستی نووسینەکانی سایتەکاندابن.